www.kurdistannet.org
14-2-2006 12:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دەترسم شوان پەروەر هەڵەی مەزنتر بکات، وەلێ بڕواش ناکەم! ... موحسین جوامێر

لە ئاهەنگێك کە لە وڵاتی هۆڵەندا و لە ۲۰۰٦/۰۲/۱۰ دا سازکرابوو، شوان پەروەر داوا لە کوردانی ئامادەبووی ئەوێ دەکا بە ئاڵای کوردستانەوە لە پشتسەری نەوەستن و خۆ ڕانەنێن.. لە گفتوگۆیەکدا لە بارەی ئەم هەڵوێستەوە کە کاك فارس عومەر بەڕێوەبەری سایتی کوردستان نێت لەگەڵیدا ساز دەکات، کاك شوان ئەگەری ئەم هەڵوێستەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە گوایا لەناو ساڵۆنەکەدا خەڵکی بیانی و تورکیش هەن، بۆیە دەڵێت لەم شوێنانەدا: "گەرەکە کورد ئەدەبی هەبێت، ئوسوولی هەبێت و بە ئەقل حەرەکەت بکات!".
بێگومان پیاو ئەگەر لە شوێنی ڕووداوێك نەبێت، ناکرێ لەخۆڕا بڕیاری هاکەزایی بدا و بێ بناغە و بەڵگە ماقووڵی و ناماقووڵیی هەڵوێستێك شی بکاتەوە.. بەڵام ئەمەش ڕێگەی ئەوە ناگرێ مرۆڤ قبووڵی ئەو بیانووەی کاك شوان نەکا کە دەڵێت: " خەڵکی هۆڵەندی و بیانی دەڵێن ئێوەی کورد عونسوریيەت دەکەن!".. لە کاتێکدا ئەوروپییەکان زۆر حەز دەکەن لە چالاکیی گەلاندا ڕەمزو هێمای وان ببینن، بۆ ئەوانیش ئاڵا سادەترین شتە، چونکە لێرە بچووکترین دەزگە ئاڵای خۆی هەیە.. خۆ ئێمە ئەگەر ڕوژئاواییش نەبین، وەلێ ئەوەندە نمەکمان کردوون کە بیانناسین.. ئەگەر مەسەلەکە ڕەچاوکردنی تورکە ئامادەبووەکان نەبووبێت کە لە هەر شتێکی کورد دەسڵەمێنەوە، هەتا ناوەکەیشی، بڕوا ناکرێ هۆکاری دیکە هەبووبێت.. یان دەشێ بەرتیل بووبێت بۆ چوونەوە!
من هەمیشە ڕێزم بۆ شوان پەروەر هەبووە و هەیە و وا بەسووك و سانایی سەرکۆنەی ناکەم و تا ئێستەیش هەر بە کوردێکی کوردویست و کوردستانحەزم ناسیوە و دەیناسم، بە هەرزانیش نەمانکڕیوە هەتا هەرزانتر بیفرۆشین.. وەلێ دەترسم تورك ئەم هەڵوێستەی شوان بۆ بەرژەوەندیی خۆی بقۆزتەوە و لە ساتێکی نێزیکدا لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانیدا سەودا و مامەڵەی پێوە بکات، زاتەن نەیار و مێملی کورد بۆ ئەم جۆرە تەڵەکە و بازبازێنانە پسپۆڕ و ژیر و وریان.
نازانم بۆ وتنی گۆرانیی تورکیی کاکە شوان چی بڵێم، لە کاتێکدا گۆرانیبێژی تورکیش لەوێدا هەبوون و ڕانانی هونەری وان ئەرکی خۆیان بوو. خۆ دەڵێم ئەگەر لەو کاتەی گۆرانییە تورکییەکەی دەخوێند، هاوڕێ لەگەڵ ئەمەشدا ئاڵا بێنازەکەی کوردیشی لە پشتسەر بووایە، ئەوا هەرگیز قیمەتی تەواو نەدەبوو و بە گوناح بۆی نە دەنووسرا.
هێندێ جار لەوە دەترسم گەڵای داری شوان وردەوردە پاییزی لێ دابێ و هەڵوەرێت، بەتایبەتی چونکە وەکوو تێبینی دەکرێ دنیای وی تەنیا ئەوی تێدا دەژی و وێناچێ لەگەڵ کەسدا هەڵ بکات.. وتووشیانە مەڕ لە مێگەڵ دابڕێ گورگ دەیخوات، نازانم چەندی ڕاستە!
بە هەرحال من لە هەڵەی مەزنتر دەترسم لە شوان، وەلێ بڕواش ناکەم!
ئەنگۆ دەڵێن چی؟

mohsinjwamir@hotmail. com